

**لۆرا خەلیل یەکێکە لــە هونەرمەندە لوبنانییەکان کە ماوەیەکی هاتۆتە نێو جیهانی گۆرانی و هونەری لوبنانی، هەرچەندە دەرکەوتنی وەك پێویست نییە، بەڵام ئەو کارانەی پێشکەشــی کــردوون بۆ ماوەیەکی زۆر لە دڵ و هزری جەماوەردا دەمێننەوە، بۆیە چەند پرســیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

# لۆرا خەلیل:

# ئاواتم رازیکردنی جەماوەرە



*** چۆن خۆت پۆلین دەکەی؟**

- کاروانـــی هونەری من بەردەوامە ئەگەر بـــۆ ماوەیەك لە هونەریش دابڕابم، بەڵام ئەوە بۆ بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە و پەنا بە خوا دەگەم بەو قۆناغەی هەوڵی بۆ دەدەم، ئەمەش بە ئاسانی نایەتە دی.

*** هیچ کاتێك بە جوانی خۆت نازت کردووە؟**

- نەخێر، چونکە من کە دەستم بە کاری هونەری کرد، وەك گۆرانیبێژ بوو نەك شاجوان یان نمایشکار، پێموایە هەموو مرۆڤێکیش جوانە.

*** هونەر و سیاسەت چ پێوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە؟**

- بێگومـــان هەرچۆنێك بێـــت پێوەندی هەیـــە، چونکە هونەر دەرهاوێشـــتەی کۆمەڵگەیە و هیـــچ جیاوازییەکی ئەوتۆش نابینم لە نێوان ئەو شـــتەی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەی سیاســـییە، بۆ نموونە ناکرێ لە شوێنێك شەڕ و کوشتن هەبێت ئێمەش لە شـــوێنێکی دیکە گۆرانی بڵێین و سەما بکەین.

*** هونەرمەند رۆڵی چییە لەو کێشـــە و گرفتانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێن؟**

- پێویستە لەســـەر هەر هونەرمەندێك رێـــزی گـــەل و جەماوەرەکەی خۆی بگرێت و ئەو بارودۆخەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، لەبەرچاو بگرێت جا خۆشی و شـــادی بێت یـــان پێچەوانەکەی، سـەنگ و قورســـایی ئەو پەیامە

بزانێت کە دەیگەینێت.

*** خۆشەویستی بوونی هەبووە لە ژیانی تۆدا؟**

- بێگومان هیچ کەسێك بێ خۆشەویستی ناتوانێت بژیت و نامەوێ باس لە وردەکاری زیاتر بکەم.

***ئێستا تۆ عاشقی؟**

- هونەر خۆی عەشقە کە هەموو هەستەکانی خۆشەویستی و عەشق هەڵدەگرێت، ئەوەی عاشق نەبێت بڕوا ناکەم بتوانێت گۆرانی بڵێت.

*** بۆ هونەرمەند گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی چۆنە؟**

- زەحمەتێکی زۆرم بینی تا گەیشتم بەو ئاستەی ئێستا، بۆ هەموو هونەرمەندانیش هەر بە هەمان شێوەیە، چونکە سەرکەوتن پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە.

*** ژیانی هاوسەرێتی چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانی هونەری هونەرمەندەوە هەیە؟**

- بێگومان دەبێ هونەرمەندان دان بەوە بنێن کە ژیانی هونەری تا سەر نامێنێ و ئەوەی دەمێنێتەوە ژیانی خێزانی هونەرمەندە، بۆیە بە راشکاوی دەڵێم سەرەڕای خۆشەویستیم بۆ هونەر، ئەوا خێزانەکەم گرنگترین شتن لە ژیانی مندا.

*** چۆن دەڕوانیتە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری؟**

- خۆم نەشتەرگەرییەکی بچووکم ئەنجامدا و دژی ئەمجۆرە نەشتەرگەریانە نیم ئەگەر پێویست بن.

*** ماوەیەك تۆ دوورکەوتی لە هونەر، چۆن واتکرد کە دانەبڕێی لە هونەر؟**

- راستە، بەڵام ئەو کاتەی کە دووریش بووم بەردەوام چاودێری هونەر و هونەرمەندانم دەکرد نامەوێ باسی کەس بکەم، بەڵام هەندێك دیاردە هەبوون پێیان دڵگران بووم.

*** ئایا دەتوانین بڵێین جیاوازی هەیە لەنێوان هونەری دوێنێ و ئەمڕۆ؟**

- بێگومان جیاوازی هەیە و هونەری هەر قۆناغێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، منیش بۆ خۆم هونەرێکی کامڵم هەڵبژاردووە هیوادارم تێیدا سەرکەوتوو بم.

*** میدیاکان هەوڵیانداوە دەست بخەنە نێو کاروباری تایبەتی ژیانی تۆوە؟**

- هەر کەسێك بمناسێت دەزانێت رێگە بە هیچ کەسێك نادەم باس لە ژیانی تایبەتی من بکات بەتایبەتی میدیاکان.

*** دوور لە هونەر چۆن پێناسەی خۆت دەکەی؟**

- ناکرێ جیاوازی بکەم لەنێوان لۆرای هونەرمەند و لۆرا وەك مرۆڤێکی ئاسایی، چونکە هونەر کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی منەوە هەبووە و بووە هۆی بەهێزکردنی کەسایەتی من، ئەمە جگە لەوەی ناوبانگێکی زۆری بۆ دروست کردم و لەنێو خەڵکدا وەك هونەرمەندێك ناسرام، ئەمەش مایەی شانازی منە.

*** دەڵێن هونەرمەندان ئیرەیی بەیەکتر دەبەن، ئەمە تا چەند راستە؟**

- رەنگە ئەمە هەبێت، بەڵام دەکرێ بڵێین رکابەرێتی نەك ئیرەیی پێبردن، ئەمەش کارێکی ئاساییە.

*** لە هونەرمەندانی ئێستا ترست لە هیچیان هەیە؟**

- نەخێر، چونکە شێوازی من لە گۆرانی گوتن جیایە، رەنگە شێوازی هەندێك هونەرمەند لە یەکتر نزیك بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەر جیاوازە.

*** ئەو گۆرانیانەی پێشکەشیان دەکەی قەناعەتت بە هەموویان هەیە؟**

-ئەگەر قەناعەتم پێیان نەبێت چۆن پێشکەشیان دەکەم.

*** لە هیچ گۆرانییەکانی خۆت پەشیمان نیت؟**

- نەخێر هیچ کاتێك پەشیمان نەبووم لە هیچ گۆرانییەك کە لە دەمم هاتبێتە دەرەوە و هەموویانم بە دڵ گوتووە و سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بووم.

*** پێشوازی جەماوەر لە دوایین بەرهەمت هەڵدەسەنگێنی؟**

- بەر لەوەی جەماوەر حوکمی لەسەر بدات من هەوڵمداوە کارێکی وا بکەم دڵیان رازی بکەم و هیوادارم سەرکەوتوو بم لەم کارەدا.

**سەبارەت بە هونەری کوردی چی دەڵێی؟**

- ئەوەی راستی بێت زانیاری وردم نییە دەربارەی هونەری کوردی، هەندێك لەو لوبنانیانەی بۆ کار کردن سەردانی عێراق دەکەن پێیان راگەیاندووم کە جۆرە لێك نزیکبوونێك بەدی دەکرێ لەنێوان هونەری کوردی و لوبنانی بەتایبەتی لەلایەنی فۆلکلۆرییەوە، هیوادارم زانیاری زیاترم هەبێت دەربارەی گەلی کورد بە گشتی.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوادارم گەلی عێراق و لوبنان و جیهان بە گشتی لە خۆشی و شادیدا بژین.








# خەڵاتەکانی میوزیک ئەوارد بۆ ساڵی ٢٠١٠

## ئەلیسا بۆ جاری سێیەم بووە باشترین گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لای هەموولایەك ئاشكرایە، خەڵاتەکانی میوزیك ئەوارد كە ساڵانە لە مۆرتیكالۆی فەرەنسا دەبەخشرێتە باشترینەکانی هونەری میوزیـــك و گۆرانی، گەورەترین خەڵاتە بۆ هونەرمەندانی ئەو بوارانە، ئـــەو هونەرمەندەی ئەو خەڵاتـــە وەردەگرێـــت جێگەیەکی پڕشنگداری دەبێت لە هونەری گۆرانی و بـــە هونەرمەندێکـــی جیهانی ناوزەند دەکرێت.






خەڵاتـــی میوزیك ئـــەواردی ٢٠١٠ تا یبە تمە د ییە کـــی تایبەتـــی خۆی هەیە، ئە مە ش لەبەر ئەوەی كە ساڵی پار ئەم خەڵاتە نەبەخشـــرا، كە ئەمە بـــۆ یەکەمجارە روویـــدات لە مێـــژووی دامەزراندی ئەم خەڵاتـــە، هەربۆیە چاوی جیهان بەشـــێوەیەکی تایبەتی تر لەسەر ئەم ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتانە بوو.

جێنیفەر لۆپێزی ئەکتـــەر و گۆرانیبێژی جیهانی خەڵاتی کەســـایەتی ئەفســـوناوی هونەری وەرگرت، كە ئەمە گرنگترین خەڵاتە، بەشێوەیەکی گشـــتی ئەلبوومی (poker face) ی گۆرانیبێـــژ لادی گاگا، خەڵاتـــی باشـــترین ئەلبومـــی وەرگرت، گۆرانییەکی ئەو ئەلبومەش بەباشترین گۆرانی دەستنیشان كرا، ئەمەی خوارەوە گرنگترین خەڵاتەکانـــی میوزیـــك ئەواردە:

باشترین گۆرانیبێژی ئەفەریقا: ئاکـــۆن، ئەمریکا: لادی گاگا، ئاسیا: نامی ئامورا، کەنەدا: میشێل بوبل، فەڕەنسا: داڤید گویتا، ئەڵمانیا: گروپی رامســـتێن، ئیتاڵیـــا: تیزیانۆ فێـــررۆ، ئەمریکای لاتین: شاكیرا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ئەلیسا









## ئاو خواردنەوە، و پێکەنین و سێکس، هۆکاری سەرکەوتنەکانمن

ئەستێرەی جیهانی "کامیرۆن دیاز" کە بە خاوەنی چاوە شینە ئەفسوناوێکان ناسراوە، لە دیمانەیەکـــی رۆژنامەوانیدا، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەو ئێستا لەتەمەنی ٣٧ سالیدایە، بەڵام روخساری لە کچێکی ٢٥ ســـاڵی دەچێت، وتی: هۆکاری مانەوەی جوانـــی لەشـــولارم، ئەو بایەخـــە زۆرەیە کەلەرووی تەندروستییەوە بەخۆمی دەدەم، من بەرنامەی تایبەتم هەیە بۆ خواردن، و ئـــاو زۆر دەخۆمەوە، و هەموو كات پێدەكەنم، و سێکسیش زۆر دەکـــەم، کەئەمانە هۆکاری ســـەرەکین بـــۆ جوانی من ماوەی چەند ساڵێکیشە لەمـــەی خواردنـــەوە خـــۆم بـــەدوور دەگرم، چونکـــە ئەویش دەبێتە هۆکارێکـــی تـــری تێکچوونی پێست.



## بۆ ماوەی یەک ساڵ بەند دەکرێت



دادگای تاوانەكانی میسر، بڕیـــاری بەندكردنـــی بـــۆ گۆرانیبێـــژو ئەکتەری میسری "مســـتەفا قەمەر" دا، دووای ئەوەی کە ســـەلمێنرا کە ناوبـــراو خـــۆی لە باجـــدان دزیوەتەوە، کە بڕی باجەکـــە ٤٥ هەزا جونەیهی میســـریە. ئەم باجەش لەدووای تۆماركردنی دوایین فیلمی قەمەر دێت بەناوی "خۆشەویستیت ئاگرە"








## کورتەیەک لەسەر فیلمی یەکەمی ئەم هەفتەیە

# "شرێک بۆ هەتا هەتایە" لەپێشکەوتنەکانی بەردەوامە





فیلمی "Shrek Forever After" شریك بۆ هەتاهەتایە، کە بەشی چوارەمی زنجیرە فیلمە ئەنیمەیشنەکانی شریك-ە، توانی ١٤٦ ملیۆن دۆلار کۆمکاتەوە، پلەی یەکەمی ریزبەندی بۆکس ئۆفیسی سینەماکانی ئەمەریکا بۆ دوو هەفتە لەسەر یەك بەدەست بێنێت بەدەست بێنێت. بەشی یەکەمی فیلمی شرێك لە ساڵی ٢٠٠١ بەرهەمهێنرا، ئەوکات توانی ئەنیمەیشن هەنگاوێك بەرەو پێش ببات و بەرەو قۆناغێکی تری ببات، هەربۆیە لەو کاتەوە هەر بەشێکی فیلمی شرێك دەبچوایە، رەخنەگران لەپێشدا وردەبوونەوە، بزانن چ داهێنانێکی لە جیهانی ئەنیمەیشندا کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین شرێك قوتابخانە و رێچکەیەکی تایبەتی ئەنیمەیشنە.

بەشی چوارەمی فیلمی شرێك وەك هەریەك لەبەشەکانی تری فیلمەکە بەشێوەی سێ رەهەندی دروستکراوە، بەڵام لەم بەشەدا وردەکاری زۆرتر بەکار هاتووە کەمیش وەك بەشەکانی تری پێشخۆی هەنگاوهاویشتنێکی لەجیهانی ئەنیمەیشن لەخۆگرتووە، و سیستەمی HD گرتەکانی دروست کراوە. فیلمەکە لەدەرهێنانی "مایك میشێل"ە و گەورە ئەستێرەکانی هۆلیۆد "مایك مایرز، کامیرۆن دیاز، ئەنتۆنیۆ باندێراس، جۆلی ئەندرۆز" دەنگەکانیان لەسەر تۆمار کردوون.




# Top 5 Movie actor

## باشترین ئەکتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لەمانگی ڕابردوو

## هونەرمەند مەریوان سەفائەدین بۆ گوڵان:

# ئامادە نیم بێڕێزی بە هەست و ماندوبوونم بکرێت

**● مەریوان سەفائەدین هونەرمەندێکی بە ئەزموون و بەتوانای بواری هونەری رەسەنی کوردییە و خاوەن ئەداو هەستێکی کوردانەیە، هەرچەند ماوەیەکە لە تاراوگە ژیان دەگوزەرێنێ، بەڵام پارێزگاری لە هونەری رەسەنی خۆی کردووە، پێمان باش بوو وەك گوڤاری گوڵان بە چەند پرسیارێکی هونەری بەرێزیان بەسەر بکەینەوە ئەویش بەخۆشحالیەوە بەم شێوەیە وەلامی پرسیارەکانی داینەوە.●**

**سۆران مارف کەریم**



*** رەسەنایەتی هونەری کوردی چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- بەڕای من ئێمە وەک نەتەوەی کورد پێویستە شانازای بە هونەر و کولتوور و فەرهەنگی خۆمانەوە بکەین، چونکە رەسەنایەتی هونەری کوردی ناسنامەی نەتەوەکەمانەو پێویستە هەمیشە بیپارێزین و نەهێڵین رەسەنایەتی خۆمان ون بکەین و لەدەست بدەین. ئەمرۆ جیهان بەرەو پێش دەچێت، ئێمەش پێویستمان بەوە هەیە لە رێگەی هونەرەکەمانەوە بتوانین فەرهەنگ و کولتوور و هونەرە رەسەنەکەمان بە گەلانی تری جیهان بناسێنین، ئەوە بسەلمێنین کە ئێمەش وەک نەتەوەی کورد خاوەنی هونەرێکی رەسنەنی تایبەت بە خۆمانین و هیچمان لە نەتەوەکانی تری دراوسێمان کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت، ئێستا دەرفەتێکی زۆر باش لە پێش هونەرمەندی کورد هەیە بۆ پێشخستن و ناساندنی هونەری رەسەنی کوردی، هیوادارم هیچ هونەرمەندێک و هیچ کوردێک رەسەنایەتی خۆی لە دەست نەدات و شانازی پێوە بکات .

*** هیچ گۆرانییەکەت وتووە گوزارشت بێت لە ژیانی خۆت؟**

- لە راستیدا لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە گۆرانی دەڵێم، بەڵام بە تایبەتی گۆرانیەکم بۆ ژیانی خۆم وتبێت، نەخێر تا ئێستا گۆرانیم نەوتووە گوزارشت لە ژیانی خۆم بکات.

*** خۆشەویستی بوونی هەبووە لە ژیانی مەریوان سەفائەدین؟**

- بەڵێ خۆشەویستم هەبووە زووتر، بەڵام پێموایە ئاساییە، چونکە ژیانی هەموو مرۆڤێك بێ خۆشەویستی هیچ مانایەک نابەخشێت و خۆشەویستی بەشێکی زۆر گرنگی ژیانی مرۆڤە.

*** ژیانی هاوسەرێتیت چۆن پێکهێناوە؟**

- بەڕاستی سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ هاوسەرم زۆر بە رێگەیەکی سوتفە روویدا و دواتریش خودا پێی خۆشبوو ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا. هاوسەرەکەم کارمەندی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر بوو، منیش بە مەبەستی هاوکاری بۆ ئەلبومی ٢٠٠٦م زۆر سەردانی وەزارەتی رۆشنبیریم دەکرد و لەوێ دەمبینی رۆژانە هەر ئەوە بو وایکرد کە بکەوینە گفتوگۆ و بیر و راکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین و لە یەکتر تێبگەین تا ئەو رادەیەی بڕیاری هاوسەریگیری بدەین، تا ئێستا بەبێ هیچ گرفتێک پێکەوە دەژین و کچێکمان هەیە تەمەنی (٥) مانگە و ناوی (هەناسە)یە و لە وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبەین.

*** خێزانەکەت ڕێگر نییە لە کارە هونەرییەکانت؟**

- نەخێر هیچ وا بیر ناکاتەوە کە ڕێگر بێت یان بیەوێت دوورمخاتەوە، بگرە بە پێچەوانەوە هاوکاریم دەکات بۆ بەردەوام بوونم لە کاری هونەری.

*** چی تۆ توورە دەکات؟**

- بەڕاستی زۆر شت توورەم دەکات وەک (کەسانی بێشەرم و شعور مەسڵەحچی و ماستاو چی) ئەم چەند شتە زۆر توورەم دەکات هەمیشە پێوەی ئەتلێمەوە نەفرەت لەو جۆرە کەسانە دەکەم.

*** کەی بیر لە دروستکردنی بەرهەمێکی نوێ دەکەیتەوە؟**

- بەرهەمم زۆر زۆرە و ئامادەیە و لەبەردەستمایە و هەمیشەش بەرهەمی ئامادەم هەبووە، بەڵام بەڕاستی لە ئێستادا ئامادە نیم لە دەمی منداڵەکەمی بگرمەوە و لە ئەلبومێکدا سەرفی بکەم و دواتریش بێڕێزی و بێحورمەتی بە هەست و ماندوبوونم بکرێت و کۆپی بکرێت، تەنیا زەرەرەکەی بێتە گیرفانی منەوە و ماددی و مەعنەوی تەنیا من زەرەرمەند بم. لەبەر ئەوەیە جاری کارەکانم و بەرهەمەکانم بڵاو ناکەمەوە.

*** نوێکردنەوەی بەرهەمە ڕەسەنەکان چ ئامانجێکی لە پشتە، هەست ناکەیت هەندێك جار ئەو بەرهەمانە نوێکردنەوەیان بە شێوە و ستایلی نوێ گۆرانی ڕەسەنی کوردی دەشێوێنێت؟**

- پێموایە هەموو شتێك کەوتووەتە سەر ئاست و زانیاری و ئەزموونی ئەو کەسە خۆی، بۆ نموونە هەتا ئێستا چەند گۆرانیەکی فۆلکلۆرم وتووەتەوە، بەڵام تا ئێستا پێم نەوتراوە ئەو بەرهەمانەم شێواندبێت، خۆشم پێموایە بەشێوەکی جوان وتوومەتەوە، بەڵام گوێم لێدەبێت هەندێ کەس گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێنەوە بەڕاستی لای خۆمەوە هەست بە شەرمەزاری دەکەم، ئەوە شێواندی هونەری ڕەسەنی کوردیە نەك جوانکردن و پێشخستنی.

*** کەی هەوڵ دەدەیت ستایلی تایبەتی کارە هونەریەکانی خۆت بگۆڕیت؟**

- هەوڵی گۆڕانی ئەم ستایلەی خۆم نادەم، چونکە ئەمە ستایلێکە لەگەڵ دەنگی مندا گونجاوە و دەگونجێت، بەڵام هەمیشە لە هەوڵداندام بۆ ئاوازی نوێ هۆنراوەی جوانتر و مۆسیقایەکی جوانتر و باشتر، ئینشاڵڵا لە ئەلبومی داهاتووم گوێتان لە کۆمەڵێ ئاوازی نوێ و خۆش دەبێت لەگەڵ مۆسیقایەکی پڕ و جوان.

*** بەرهەمی کەمت هەیە کەچی توانیووتە تا ئاستێکی باش کەسێك بیت لەو هونەرمەندانەی بەرهەمەکانت خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بێت، چی کاریگەری هەبوو لەسەر سەرکەوتنی تۆ لە بوارەکەدا؟**

- ئەگەر ڕاستگۆبم بەرامبەر بەم پرسیارە و بە ئەنانی ناو نەبرێم، سەرکەوتنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە زانیومە و توانیومە چ جۆرە ئاوازێک یان هۆنراوەیەک بۆ دەنگی خۆم هەڵبژێرم و بتوانم بە ئەدایەکی باش بیانڵێم دواتریش بە دەمی خۆم نەبێت دەنگی خۆش و ئاوزی خۆش خۆی جێگەی خۆی دەکاتەوە لەناو جەماوەردا.

*** مەرجی سەرکەوتنی هونەرمەند لە کارەکانیدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لای من چەند مەرجێک هەیە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند لە کارەکانیدا، هەڵبەت ئێمە مەبەستمان گۆرانیبێژە لەو بوارەدا قسەدەکەین، بە ڕای من ئەگەر گۆرانیبێژ دەنگی خۆش نەبێت، هەق نییە گۆرانی بڵێت، چونکە خەڵک پێویستی بەوەیە گوێی لە دەنگی خۆش بێت. پێویستە گۆرانیبێژ بتوانێت مقامات بڵێت و شارەزایی تیایدا هەبێت، ئەگەر وانەبێت ئەوە بە گۆرانیبێژی دانانێم، ئەگەرچی لەلای خەڵکیش وانەبێت. شتێکی گرنگتریش ئەوەیە دەبێت ئەو گۆرانیبێژە کەسایەتی خۆی بپارێزێت لە هەموو ڕوویەکەوە بۆئەوەی وشەی هونەر و هونەرمەند بەرز و پیرۆز ڕاگرێت. بەڵام بەداخەوە هەندێک کەسی بە ناو هونەرمەند هونەرەکەیان بەکاردەهێنن بۆ مەرامی شەخسی خۆیان و گوێ بە هیچ نادەن.

*** لە ئەوروپا ڕەوەندی کورد چۆن پێشوازی لە ئاهەنگ و کۆنسرێرتەکان دەکەن؟**

- بەڕاستی کوردان لە ئەوروپا زۆر باش پێشوازی لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان دەکەن، بگرە زۆر بە تاسەی ئەوەن کە زوو زوو ئاهەنگ و کۆنسرتەکان بێن و بەردەوام بن، دڵنیاشتان دەکەمەوە کە لە ئەوروپا باشتر ڕێز لە هونەری کوردی دەگیرێت وەک لە کوردستان، کوردانی ناوخۆی کوردستان زیاتر هونەرمەندانی بێگانە دەپەرستن وەک لە هونەرمەندانی کورد، بەڵام کوردانی ئەوروپا بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە.

*** بەنیاز نیت کۆنسێرت لە شارەکانی کوردستان سازبکەیت؟**

- لە ڕاستیدا نەخێر بە نیاز نیم، چونکە دڵنیا نیم لەوەی خەڵک گوێ لەچی دەگرێت و چی پێخۆشەو چی دەوێت.

*** ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندانی تاراوگە چین؟**

- پێموایە زیاتر سەرقاڵ بوون بە ژیانی ڕۆژانەوە بووەتە کێشییەکی گەورەی هونەرمەندان لە ئەوروپا، چونکە لێرە دەوڵەت گوێ بەوە نادات کە تۆ کێیت و چیت، دەبێت ئیش بکەیت و ئیشت هەبێت، ئەگینا ژیانت ناڕوات، ئەوە کێشەی هونەرمەندانی تاراوگەیە.

*** هەندێك لە بەرنامە هونەرییەکان هونەرمەند بوونەتە پیشکەشکار تۆ لەم ڕووەوە چی دەڵێی؟**

- بەڕای من شتێکی ئاساییە ئەگەر گۆرانیبێژێک ئەو توانایەشی هەبێت بتوانێت ببێتە پێشکەشکاریش کارێکی خراپ نییە. بەڵام باشترە گۆرانیبێژ هەموو ڕۆژێک وەک پێشکەشکار لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەرنەکەوێت.

*** ئەگەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن داوات لێبکات ئامادەیت ببیتە پێشکەکاری بەرنامەیەکی هونەری؟**

- نەخێر ئامادە نابم وەک پێشکەشکاری بەرنامەیەک دەرکەوم، تەنیا دەمەوێت وەک گۆرانبیژ دەرکەوم و لەو بوارەدا خزمەت بکەم پەرە بە هونەرەکەم بدا، چونکە سەرکەوتنی خۆم زیاتر لە بوارەکەی خۆمدا دەبینم.





بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920
huneri@gulan-media.com

# تەنیا سێ کەس دژایەتیم دەکەن

## دەشنێ موراد :

• دەشنێ موراد سەرەتا لە ڕێگەی بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ هاتە ناو دنیای ڕاگەیاندنەوە، دواتر وەك گۆرانیبێژ بە ستایلێکی نوێ و جیاواز دەرکەوت، ئەم هەنگاوەشی بووە هۆی ئەوەی لەلایەن زۆر کەسەوە ڕەخنەی لێ بگیرێت و هەندێ کەسیش ستایشی کارە هونەریەکانی دەکەن. دەشنێ زۆر بڕوای بەخۆی هەیە و پێیوایە توانیویەتی هەندێ کار بکات کە پێشتر نەکراون، ئەو ئێستا لە لوتکەی بەختەوەری دایە دوای ئەوەی کلیپەکەی لە کەناڵەکانی ڕۆتاناوە پێشکەش دەکرێت و شانازی بەوە دەکات کە یەکەم کچە کوردە لە کەناڵی بی بی سی و ئێم بی سی ڕاپۆرتی لەسەر ئامادەکراوە، لە نزیکەوە دەشنێمان بینی بۆ ئەوەی لەبارەی چەندین بابەتی گرنگەوە قسەی لەگەڵ بکەین و هەندێ شت باس دەکات کە پێشتر جەماوەرەکەی لێی ئاگادار نەبوونە.•



•ریکلامێکی باشت بۆ ئەلبوومی یەکەم کرد، بەڵام لەم ئەلبوومە نوێیەت هیچ ریکلامێکت بۆی نەکردووە هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

- ئەوەی ڕاستی بێت ریکلامەکان لە هەندێك شوێن پێویست بوو دابەزێت، بەڵام دانەبەزی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەند خەڵکێك هەیە دژایەتی من دەکەن و لە من دەترسن و لە کارەکانم دەترسن، پەنا بەخوا بەم زووانە کارێکی وا دەکەم کە ڕێکلامەکان بە جوانترین شێوە بڵاو بکرێنەوە.

* بۆ چی لە تۆ دەترسن؟

- چونکە حەز ناکەن کچە کوردێك لە کارەکانی سەرکەوتوو بێت، لە نێو کوردەواری سیفەتێك هەیە ئەوەی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت هەوڵ دەدەن بیهێننە خوارەوە بۆ ئەوەی لە کارەکانی دوابکەوێت، تەنیا سێ کەس دژایەتی من دەکەن، بەڵام من ئەم کارەی ئەوان ناکەم، چونکە هەموو کەس دەشنێ موراد دەناسێت دەزانن چ کەسێکە.

* ئەم سێ کەسە کێن دژایەتی تۆ دەکەن؟

- ئەم کەسانە شایەنی ئەوە نین ناویان بڵێم، بەڵام خەڵك باش ئەوان دەناسێت.

* تا چەند ڕاستە گۆرانییەکانی تۆ لە کەناڵی کۆرەك قەدەغە کراون؟

- قەدەغە نەکراون و پێوەندیم لەگەڵ کەناڵی کۆرەك زۆر باشە و چەندین جار داوام لێکراوە کە گۆرانیەکانم لەم کەناڵە دابەزێنم، ئەم ئەلبوومە هەر کۆرەك میوزیکە ئەم ئەلبوومی منی دابەزاندووە، بەڵام ستافی کەناڵی کۆرەك دژایەتی من دەکەن و ڕقیان لە منە و لە من دەترسن بۆیە بڵاوی ناکەنەوە، بەڵام داوای گۆرانیەکانم کراوە کەچی خۆم گۆرانیەکانم نادەم، چونکە دڵم لێیان شکاوە، کاتێك ئەم ستافە لە کەناڵی کۆرەك ڕۆیشتن، ئینجا گۆرانیەکان بڵاو دەکەمەوە.

* زۆر جار باس لە سێکوچکەی دەشنێ و هانی و لۆکە دەکەن، هۆکارەکەی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

- ئەمە شتێکی جوانە، چونکە ئەوە نیشان دەدات کە هونەرمەندی کچ دەتوانن بە یەکەوە کار بکەن، ئەم دوو هونەرمەندە لای من

زۆر خۆشەویستن و کارەکانیان زۆر جوانن و شانازی بەم ناوانە دەکەم.

* کاتێك کەناڵی کۆڕەکت جێهێشت، دەشنێ دەرچوونی لە کەناڵەکانی تر کەمبۆوە، تا رادەیەك بە دەگمەن دەردەچی، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

- بزر نەبوومە، رۆژانە لە ڤین تیڤی کلیپەکانم دەردەچێت، بە هەمان شێوە لە کەناڵە ناوخۆییەکان کارەکانم هەردەم بڵاودەبێتەوە، تەنیا لە کەناڵی کۆڕەك نەبێت.

* جیاوازی نێوان دەشنێ موراد-ی پێشکەشکار و گۆرانیبێژ چییە؟

- جیاوازییەکەی ئەوەیە کاتێك دێمە سەر شانۆ وەکو کەسێکم لێدێت کە لە خەو هەڵدەستێت دەبێتە کەسێکی دیکە، هەموو کەسێك شتێکی لە نێو دڵی هەیە کە هەوڵ دەدات بە هەر جۆرێك بێت دەری بخات، ئەم شتە وەکو شتێکی شێتانەیە پڕە لە جوڵانەوە، بەڵام کە پێشکەشکار بووم کەسێك بووم کە خەمی هەموو کەسێکی دەخوارد و حەزم دەکرد هەموو کەسێك باش بێت و حەزم لە پێکەنین بوو.

* ئەگەر لە پیشەی پێشکەشکاری بەردەوام بای، بە بۆچوونی خۆت وەکو پێشکەشکار جەماوەرت زیاتر دەبوو یاخود وەکو گۆرانیبێژ؟

- ئەگەر لە کارەکەی خۆم بەردەوام بام ئێستا جەماوەرێکی یەکجار زۆرم دەبوو، بەڵام ئێستا جەماوەرێکی ترم هەیە ئەویش جەماوەرێکە حەز لە هونەر دەکات و گوێبیستی گۆرانی دەبن، ئەمەش شانازییە بۆ من.

* لە یانە شەوانەکان هەندێك لە گۆرانیبێژە بیانییەکان گۆرانی دەڵێن، ئێوە ناترسێن وەکو ئەم گۆرانیبێژانە سەیرتان بکەن؟

- نەخێر، ناترسێم، چونکە لەمجۆرە گۆرانیبێژانە نیمە، تا ئێستا تەنیا یەکجار گۆرانیم لە ریستۆرانت وتووە، ئەویش لە رۆژی ڤالانتاین بووە، بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیمە لەمجۆرە ریستۆرانتانە گۆرانی بڵێم.

* ئامادەی لە ئاهەنگە تایبەتییەکان گۆرانی بڵێیت؟

- بەڵێ، ئامادەم ئەگەر ئەو کەسانەی کە ئامادەی ئەم ئاهەنگە دەبن کەسی شیاو بن و رێز لە هونەرەکەم بگرن و پارەیەکی باشم بدەنێ بەرای من شتێکی زۆر جوانە.

* زۆربەی هونەرمەندەکان کاتێك دەگەڕێنەوە هەندەران دەڵێن پەشیمانین چووینە کوردستان، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- ئەمە بۆ بۆچوونی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە، من هیچ پەشیمان نیم کە گەڕاومەتەوە کوردستان هەرچەندە لێرە ژیانم زۆر سەختە، بەڵام بڕوام بە خۆم هەیە کە یەکێك بم لەم کەسانەی کە کوردستان ئاوەدان بکەمەوە، ئەمەش بە ئەرکی خۆم دەزانم.

* بۆچی گۆرانی دویت دووبارە ناکەیتەوە؟

- کارێکم لەگەڵ میرە ئەنجام داوە و کارێکی ترم لەگەڵ لۆکە ئەنجام داوە، بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە.

* ئەم جۆرە کلیپانە بۆ شکاندنی ئەو دابونەریتە کۆمەڵاتییانە بوو کە ئافرەت نەیدەتوانی ئەمجۆرە شتانە بکات؟

- نەخێر، بیرم لەم جۆرە شتانە نەکردۆتەوە، ناتوانم لەسەر هەموو دابوونەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەم تۆقە بشکێنم.

* ئایا ئامادەی دووبارە بگەڕێیتەوە بواری پێشکەشکاری؟

- لە بەرنامەم دایە پرۆگرامی بێ کۆنترۆڵ پێشکەش بکەم لە ساڵی داهاتوو، بەڵام ناتوانم ناوی کەناڵەکە ئاشکرا بکەم و پرۆگرامێکی ترم بە ناوی (دەشنێ شۆ) ئامادەیە کە ماوەی ساڵێکە خەریکی نووسینی ئەم بەرنامەیەم بەمزووانە لە یەکێك لە کەناڵەکان پێشکەش دەکرێت، ئەم بەرنامەیە تا رادەیەك سانسۆری لەسەرە واتە دەبێت رێز لە هەموو لایەنێك بگیرێت، حەز دەکەم کاتێك لە یەکێك لە کەناڵەکان کار بکەم ئەم کەناڵە گوێ لە مەرجەکانی من بگرێت و رێزی لێبگرێت.

* ئەم ڤیدیۆ کلیپانە زیاتر بۆ کێ پێشکەش دەکەیت؟

- گشت ڤیدیۆ کلیپەکانم بۆ گەنجان و منداڵانە، لەم ئەلبوومە نوێیەم دوو گۆرانیم بۆ خێزان ئامادە کردووە.

* هیچ شتێکی چاوەڕواننەکراو هەیە لەم ماوەیەدا؟

- بەڵێ، ئامادەی کلیپکردنی گۆرانیەکم بە جلی کوردی ئەمەش شتێکی تازەیە خەڵك چاوەڕوانی ئەم شتە لە من ناکات و گۆرانیەکی تایبەت بە کوردستانم ئامادە کردووە و دەیکەمە ڤیدیۆ کلیپ، پەیامی ئەم گۆرانیە ئەوەیە کە هەموو کوردێك خەون بەوە دەبینێت رۆژێك لە رۆژان ببینە وڵاتێکی سەربەخۆ.

* دوا پەیامت چییە؟

- پەیامم بۆ جەماوەرکم ئەوەیە کە گوێ لەم قسانە مەگرن کە باسی من دەکەن، ئەمە هەمووی قسەی هەڵبستراوە و گشت کارەکانم بە پاکی ئەنجامم داوە و لە ژیانم جەستەی خۆم نەفرۆشتووە و هەردەم باوکم پێم دەڵێت کچم ئەگەر لە نێو 10 پیاو بێت، متمانەیەکی تەواوم پێت هەیە و لە پیاوەکان پیاوتر دەبێت، حەز دەکەم وەکو کچێکی کورد ببمە هۆکاری بەناوبانگکردنی کوردستان، لە کەناڵی بی بی سی وشەیەکم گوت ئەویش ئەوە بوو: من کوردم دەمەوێ کوردستان بکەمە جیهانی.

ئەم وشەیە پێنج جار لە بی بی سی دووبارە بۆوە و کاردانەوەیەکی گەورەی هەبووە و کلیپێکی من لە کەناڵی رۆتانا بڵاوە کرایەوە و چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کرا لە پرۆگرامی (صدی الملاعب) لە کەناڵی MBC ئەمە هەموو دەبێتە مێژوو بۆ من وەکو یەکەم کچە کورد.

